# ڕاکردن بە دوای وەهمی کەڕامەتێکی لەدەستچوو*

## خوێندنەوەیەک بۆ ئەو کاردانەوە تورەیەی جەماوەری خۆپیشاندەری عەرەب و مسوڵمان لە دژی کاریکاتێرەکان.

ئیبراهیم مەلازادە
bmalazada@gmail.com

*(کە جەستەی مرۆڤ توانای خۆپاراستنی نامێنێ (واتە مەناعەت لە دەست دەدات)، نەخۆشی بە ئاسانی دەتوانێ بەسەر ئەو جەستەیەدا زاڵ ببێ)*. ئەمە ئەو بیرۆکەیە کە زانای کۆمەڵناسی جەزائیری (مالك بن نبي)(1) بۆ گەلانی بە ناو ئوممەتی ئیسلامی بەکاری هێناوە و ئیشی لەسەر کردووە.

لەگەڵ بڕوابوونم بە ڕێزگرتن لە هەست و بیروباوەڕی هەموو تاک و گروپ و نەتەوەیەک، وێڕای سەرکۆنەکردنم بۆ ئەو کاریکاتێرانەی کە لە 30 سێپتێمبەری 2005 دا لە ڕۆژنامەی (بیو لاندز بوستن)ی ڕاستڕەوی سەر بە پارتی دەسەلاتداری حکومەتی دانیمارک بڵاوکرانەوە، بە پێویستم زانی لەسەر هاتووهاواری بەدرەنگەوەی ئەو مسوڵمانانەش بوەستم کە دارژانە سەر شەقامەکانی دەیان شار و شارۆچکەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، کە بەڕای من زیاتر لە هێمایەک دەبەخشن و زیاتریش لە پرسیارێک دەورووژێنن.

نەخۆشیەکانی عەرەب و جیهانی ئیسلامی، کە گەلی کوردیش بەشێکە لەو گەلانەی مسوڵمان و بەدەر نیە لەو حاڵەتانە. بە شێوەیەکی گشتی زۆرن، تاکێک نیە لەدەست یەکێک یان زیاتر لەو نەخۆشیانە نەناڵێنێ، خێزانێک نیە پشتاوپشت ئەو نەخۆشیانە بۆ وەچەکانی دوای خۆی نەگوازێتەوە، کۆمەڵگایێکی ئیسلامی نیە لەدەست نەخوێندەواری و برسیەتی و دواکەوتوویی بە شێوەیەکی گشتی گیری نەخواردبێ و لە پەراوێزدا نەژییت، بەڵام کارەسات لەوە دایە کە جەستەیەک بە ڕوحیشیەوە نەخۆش بێ و هێشتاش نەزانێ کە نەخۆشە، نەخۆش بێ و هێشتاش خۆی پێ خێرتر و باشتر و پاکتر بێ لە هەموو جەستەکانی تر، نەخۆش بێ و هێشتاش لاف و گەزافی تەندروستی لێبدات و هۆکارێکیش بێ بۆ بڵاوکردنەوەی نەخۆشیەکانی بۆ ئەوانی تر، کام زانای مسوڵمان هەیە کە باس لە ئیسلام دەکا، پەنجە بۆ (كنتم خير أمة أخرجت للناس) درێژ نەکات؟. مسوڵمانە عەرەبەکان کە لە شەڕی ئیسرائیل شکستیان هێنا، هۆیەکەیان گەڕاندەوە بۆ وازهێنان لە دین، کە گەڕانەوە بۆ دین، پەنایان بۆ ڕواڵەتەکان برد، پەلاماری نەتەوە و کەمینەکانیاندا، ڕقی خۆیان بەسەر گەلی کورددا ڕشت بە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال، هەتا ئەمرۆش ئەو ڕقەی عەرەب درێژەی هەیە، ئەوە فیصل ئەلقاسم کە لە ئێلیتەی عەرەبە و دەبێژێ: "کورد لە دیدی عەرەبدا بە دوژمن دەبینرێن نەک ستەم لێکراو"(2). لەگەڵ ئەوەش کە ئەمرۆ کورد بۆتە فاکتەری ئارامی و سەقامگیری لە عیراقی عەرەبیدا، بەڵام عەرەبکان هێشتاش بە پشتیوانی ئیسرائیل و بە مەترسی دەزانن بۆ ئەمنی نەتەوەیی بەناو ئوممەی عەرەبی. هەروەها ڕقی عەرەبەکان هێندە زۆرە نە قیبتیەکانی میسری بێ بەش کردووە و نە کوردی

کوردستانی ڕۆژئاوا و باشوور و نە بەربەرەکان و نە گەلی باشووری سەحرا و نە نۆبیەکانی سوودان و نە گەلی دارفور، ئەمەش دوای شەڕێکی درێژخایەنی کاولکار لە دژی دانیشتوانی خوارووی سوودان.

کۆمەڵێک پرسی گەورە و چارەنووسساز هەن پێویستە بە فراوانی لێکۆڵینەوەی قوڵ و دوورودرێژیان لەسەر بکرێ. لێرەدا هەوڵدەدەم بە کورتی پەنجە لەسەر هەندێک لەو نەخۆشیانە دابنێم و دەسنیشانیان بکەم، ئینجا بێمە سەر پرسی کاریکاتێرەکان.

1- یەکێک لە پرسە هەرە دژوارەکانی تاک و کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامی زاڵبوونی ڕواڵەتە بەسەر ناوەرۆکدا. قەیرانی بیرکردنەوە و وشیاربوونەوەیەکی ڕاستەقینە. ئەمەش هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بێئاگابوون لە کێشە جیددی و ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا، بێ ئاگابوون لە خۆ و خۆ پەراوێزکردن و بڕواهێنان بە بیرۆکەی موئامەرە، قەیرانی ئێدنتیتە. ئەم جۆرە بیرکردنەوە وا لە مرۆڤ دەکات هەموو کێشەو گرفتەکانی خۆی بخاتە ملی ئەوی دی یان ئەوانی دی، ئەوانی دوژمن، ئەوانی جیاواز، ئەوانی گلاو، ئەوانی گاور. لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا دین ڕووە پۆزەتیفەکانی خۆی لە دەست دەدا، لە ڕەحمەتەوە دەبێ بە زەحمەت، ناوەرۆکی دین لە بیردەکرێ و تەنها ڕواڵەتەکانی پێڕە و دەکرێن، تقوسەکانی دەبن بە عادەت و لە ڕۆحی ڕاستەقینەی خۆیان دادەماڵرێن، واتە تقوس تەنها لە پێناو تقوس، عادەتێکی زەحمەتی بێ ئەنجام. بەڕێز کاک ئیحسان وەلزی(3) لە بابەتێکی بلاونەکراوەیدا لەساڵی 1992 بە ناوی (لە ڕەمزەوە بەرە و تەقس) نمونەی ئەو کێشەیەی بە شیعرێکی مەلا کرێکار هێنابووەوە. مەلا کرێکار لە میانەی شیعرێکیدا بەبرا و خوشکە دینیەکانی خۆی دەڵێ: (دیاردەی ئیسلامیمان نەما - لای من ڕیش و لای تۆش سەرپۆش) کەواتە ئامانج لە ئیسلامبوون دیاربوونە، جیاوازبوونە نەک بە ئەخلاق ( کە دەڵێین ئەخلاق، مەبەستمان مانا فراوانەکەیەتی، چونکە بە داخەوە لای ئیسلامیەکان ئەخلاق بریتیە لە دامەنی ئافرەت) بەڵکو جیاوازبوونە بە ڕیش و بە سەرپۆش. ئەوەی ئەمڕۆ بە لای بابایەکی ئیسلامیەوە گرنگە ئەوەیە: چوار ژنی هەبن، ڕیشی درێژ بێ، خۆی بتەقێنێتەوە یان پشتیوانی لێبکات، ئەوە ئەو وێنەیە کە ئەمڕۆ لە دونیادا باوە. مسوڵمانەکان هەوڵیان نەداوە بۆ دونیای بسەلمێنن کە ئەوان لە ڕووی بیناسازی هەر لە زووەوە هەنگاوی گەورەیان ناوە، لێبووردەیی دینیان هەبووە، ڕێزیان لە هەندێک لە مافەکانی ئافرەت گرتووە بەر لەوەی عەرەبەکان ڕێز لە هیچ مافێکیان بگرن، دەستیان بووە لە گەشەسەندن و پێشخستنی فکر و فەلسەفە، ئەمەو کۆمەڵێک شتی جوانی تر کە دەیانتوانی بەکاری بێنن بۆ ڕەشکردنەوەی وێنا ناشیرینەکانی خۆیان. لە جیاتی ئەوە کەناڵە عەرەبیەکان، لە پێشەوەی هەمووشیانەوە کەناڵی ئەلجەزیرە ڕۆژ نیە ئەو وێنا ناشیرینانە پەخش نەکات و دووبارەیان نەکاتەوە، هەر لە دەمامکدراوەکانەوە تا شمشێربەدەست و زورناژەنەکانی ڕەگەزپەرستی عەرەبی و ئیسلامی لە عراق و فەلەستین و ئەفغانستان، تا سووتاندن و شکاندنی سەفارەتە بیانیەکان کە پێویست بوو هەر هیچ نەبێ وەکو میوان مامەڵەیان

لەگەڵدا بکەن. پێم وایە ئەو ڕەفتار و وتارە هاندانێکە بۆ کەڵەکەبوونی ڕواڵەت، ئەم کەڵەکە بوونەش دەرەنجامێکە بۆ کزبوونی لایەنی ڕوحی مرۆڤەکان، بێ نرخبوونی بەهاکانیان، گاڵتەکردن بە جەستە و خستنەگەڕی لە پێناو وەهمەکان، خۆ کوشتن و دوورینەوەی کۆمەڵێکی زۆریش لەو ڕۆحانەی تەنها تاوانیان جیاوازبوونیانە لەوان. چەند گرنگی بە ڕواڵەت بدرێ و تەرکیزی بخرێتە سەر، هێندەش گرنگیدان بە ناوەڕۆک کەمدەبێتەوە و لە ڕیزی پێشەوە پاشەکشێ دەکا بۆ ڕیزەکانی دواوە. هەر ئەم ڕواڵەتەشە وا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێ پرسەکان، کێشەکانی خۆی بە قوڵی بخوێنێتەوە، چارەسەری شایستەیان بۆ بدۆزێتەوە. وای لێدەکا هەمیشە بە دوای موعجیزەدا بگەڕێ بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانی. لێرەدا دەمەوێ پەنجە بۆ توێژینەوەی ئەریک فرۆمیش(4) درێژ بکەم لە کتێبی (بوون و هەبوون، یا بوون و موڵکداریێتی – واتە الکینونة والتملك)دا. ئەریک فرۆم لەو کتێبەدا زۆر بە دروستی باس لەو کێشەیە دەکات، باس لە ئیمانی کەینونی ڕاستەقینە و ئیمانی موڵک دەکات. باس لە خۆشەویستی ڕاستەقینە و خۆشەویستییێک دەکات کە موڵکە، وەکو هەر موڵکێک کە مرۆڤ هەیەتی، وەکو خانوو، ئۆتۆمبێل، پارە یا هەر شتێکی تر. فلانە کەس خانووی هەیە، ئیمانی هەیە، پارەشی هەیە، خۆشەویستیشی هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا نە ئیمان موڵکە و نە خۆشەویستیش، کەی ئەو شتانە بوون بە موڵک بە ئاسانی دەفرۆشرێن و فڕێ دەدرێن و کۆنیش دەبن و دەشڕزن. بۆیە ناکرێ ئیمان و خۆشەویستی موڵک بن، ناکرێ شتی جیاواز بن لە ئینساندا، بەڵکو ئاوێتەی ویژدانی مرۆڤن و وزەی بوون و تێکڕای چالاکیەکانی مرۆڤ پێکدێنن، لە ئاکامیشدا ڕەنگدانەوەیان دەبێ لەسەر ڕەفتار و هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی مرۆڤ بە شێوەیەکی پۆزەتیف. ئەو وێنایەی کە مسوڵمانی پێ جیا دەکرێتەوە هەمیشە داواکردنی پشتیوانی خودایە بێ ئەوەی هەوڵبدات (الاتكالية)، پێم وانیە ئەو جۆرە دوعایە هیچ لەو گرفتانەیان چارەسەر بکات. لە جیاتی ئەوەی تا بەیانی لە مزگەوت دابنیشێ باشترە لای مناڵەکانی بێ، بەردەمماڵەکەی پاک بکاتەوە. لە جیاتی دوو ڕکات نوێژ بکات نەدەبوایە بەرتیل بخوات یا هەوڵی جێبەجێکردنی کارێکی بدات بە بەخشینی بەرتیل. میوەفرۆشێک یا دوکانداریێک لە جیاتی ئەوەی نەیەڵێ نوێژی بڕوات باشتر وایە دەستی خەڵک نەبڕێ. ئیمان و باوەڕهێنانی ڕاستەقینە لەو ساتەوە بەرهەمدار و سوودبەخشە کە لەسەر شەقام و لە دائیرە و لەماڵیشەوە ڕەنگ دەداتەوە، بە بەرگرتن لە تووڕەبوون و لە خۆ بە باشدانان و خەڵکیش بە هیچ، بە ڕاگرتنی پاک و خاوێنی بازاڕ و دوکان و دائیرەکان و ڕێزگرتن لە یاسا، بە پەیوەست بوون بە سۆز و بەڵێنەکانی، بە خۆ دوورگرتن لە چاوچنۆکی و درۆکردن و خۆگۆڕین. نەک گوورگ بوون لە پێستی مەڕ.

2- وروژاندن و هێنانە سەرشەقامی خەڵکی سادە لە هیچ زەمین و زەمانێکدا زەحمەت نیە. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە خەڵک بۆ دێتە سەر شەقامەکان، خەڵک بۆ تووڕەدەبێ؟ بۆ شاری حەمای سووری تەخت و وێران دەکرێت و کەسیش نقەی لێوە نایەت؟، بۆ

ئەوەندە ساڵە شەڕی لوبنان درێژە دەکێشێت و هەزاران ڕوح دەدوریتەوە مسوڵمانێک تورە نابێت و دانابەزێتە سەرشەقام؟ بۆ ڕێژەی نەخوێندەواری لە وڵاتە عەرەبیەکان دەچێتە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی دونیا زانایێکی ئیسلامی ئارامی لەبەر هەڵناگیرێت و لە دژی هۆکارەکان دانابەزنە سەر شەقامەکان؟ بۆ هەڵەبجە وەکو شارێکی ئیسلامدۆست و کورنشین ژەهری بەسەردا دەکرێ؟ کە یەک ئەڵقەی بچکۆڵەیە لە پرۆسەی ئەنفالکردنی گەلێک بە ناوی دین، بەڵام نە سیاسیەک و نە زانایێکی عەرەب و نە زانایێکی مسوڵمان و نە ڕۆشنبیرێکیشیان دڵی بەو ڕەشبکوژیە دەسووتێ و نەک هەر ناجولێن، بەڵکو تا ئەمڕۆش ئامادە نین دان بەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەدا بنێن؟ بۆ تا دوێنێ دەیان و سەدان لادێیی جەزائیری لە دەست توندڕەوە ئیسلامیەکان سەریان دەبڕدرا هەروەکو ڕۆژانەش دەیان و سەدان عیراقی دەبنە قوربانی دەستی ڕەشی بەعس و ئیسلامیە توندڕەوەکان، بەڵام تا ئەمڕۆش ڕێپێوانێکمان لە باژێرێکی عەرەبیدا نەبینی؟ ئەمە و دەیان پرسیاری تر، بەڵام لەسەر چەند ڕەسمێکی شێوێنەری شێواو هەزاران ئەفەندی و عەمامەبەسەر دەرژێنە سەر جادەکان و ئاژاوە دەنێنەوە و سەفارەتەکان دەسووتێنن؟ بۆ دەبێ نەزانن کە دیکتاتۆرەکان ئەو هەموو تاوانانە ئەنجامدەدەن و کەسێکیش نقەی لێوە نایەت، هەر ئەو دیکتاتۆرانەش کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یەک فەرمان دەربکەن، بە سەدان مەلا و زانای مسوڵمان و بە هەزاران خەڵکی ڕەشوڕووت بە تایبەتیش لە سووریە و ئێران و لوبنان و تد ئامادەنە بەرژەوەدیەکانیان بەلاوە بنێن و بچنە سەر شەقامەکان. بەداخەوە گەلانی عەرەب و مسوڵمان فرچکیان بە دیکتاتۆریەتەوە گرتووە، بێی جەور و ستەم ناتوانن هەڵکەن، بێی باوکی سەرکردە و ڕابەری ڕۆحی و سەرۆکی هەمیشە سەرکەوتوو ناتوانن ژیان بەسەر بەرن. هەڵبەت بۆ ئەم داتەپینەی خەڵک هۆی هەمە جۆر هەن ، گرنگترینیشیان دەگەڕێتەوە بۆ فێر نەبوونی ڕاستی، چونکە ئەو خەڵکە هەر لە سەرەتادا فێری ڕاستی ناکرێن، بە خۆشیان بە دوایدا ناگەڕێن، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتداران خۆیان ڕاستی ڕاستەقینە بە قوتابیان و خوێندکاران دەدەن. د. عەلی وەردی(5) بە شێوەیەکی زۆر ورد و جوان باس لە دیکتاتۆریەت و پرۆسەی دیموکراسی دەکات، دەڵێ: "دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی خۆڕسک حەز بە دیکتاتۆریەت دەکات، کە کەسێکیش نەبوو ڕووبەڕووی بێتەوە و بەرهەڵستکاری بێ ئەوا بێگوومان لە پێی خۆی دەچێ و دەست بەسەر هەموو موڵک و ماڵی هاوڵاتیاندا دەگرێ". کەواتە خاڵی یەکەمیش هەندێ جار دەبێ بە هۆکار و هەندێ جاریش دەرەنجامێکی ئاسایی دەبێ بۆ ئەو دیکتاتۆریەتەی کە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەکاتی تری مسوڵمانیشی پێوە دەتلێنەوە. دیکتاتۆریەتی بە پلە ئیمتیاز عەرەبی و بە پلەی دووەمیش ئیسلامی، گەلانی عەرەب و مسوڵمانی بەرە و ناهەشیەکی درێژخایەن و کوشندە بردووە، بە گرتنە بەری سیاسەتی بە کەرکردن و زۆر بە ئاسانی بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی سێ کوچکەی پیرۆزی ئەبەدی دونیای عەرەب و کورد و زۆربەی هەرە زۆری گەلانی مسوڵمان، ئەویش (عائیلە و عەشیرەت و حیزب)ن(6)، لە بەرامبەریشدا سادەبوونەوەی عەقڵ و

خواردنی نانی گەورە و سەڵەواتدان لە گەورە. سەرەنجام دروست بوونی کائینێکی نامۆ بە هەموو شتێک، کائینێکی کەبت کراوی سادەی فەوزەوی سەرلێشێواو. کائینێکی تەمبەڵی خۆونکردوو، کائینێک نەتوانێ بجولێ، نەتوانێ بریار بدا، نەتوانێ بۆخۆی بێ پشتبەستن بە باوک، برا، کور، حیزب، یا بە دەوڵەت بە دوای چارەسەری شیاودا بگەرێ بۆ کێشەکانی خۆی، کائینێک هەمیشە چاوەرێی دابەزینی موعجیزەیەکە لە ئاسمان بۆ هەموو کێشەکان. کائینێکی دەعبا پڕ بە مانای وشە. لێرەدا وەکو دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆ لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا دیموکراسیەت تەنها وەکو خەون دەمێنێتەوە، لە لایەن دەسەڵاتدارەوە هەمیشە ناشیرین دەکرێ و لە بەهایەکانی دەدرێ، بۆ ئەوەی لایەنە باشەکانی کە لە بەرژەوەندی ئەو سێ کوچکە زاڵمەی کۆمەڵگادا نیە (عائیلە، عەشیرەت، حیزب) بشاردرێنەوە و بە نامۆ بمێننەوە. ئەو کۆمەڵگایەی کە شوێنی ئازادیەکانی لێ نابێتەوە، تاکەکانی بێگومان پێکهاتەیەکی ترسنۆک و بودەڵە دەبن، هەرگیز توانای داهێنانیان نابێ و ناتوانن ڕێگای پێشکەوتنی خۆیان ببڕن. لەو جۆرە کۆمەڵگایەشدا دین دەبێتە خراپترین و توندوتیژترین چەک لەدەست ئەو سێ کوچکە جەهەننەمیەی کە لەسەرەوە ناوم هێنان، دین بە تەواوەتی لە ڕوحە پۆزەتیفەکانی دادەماڵرێ و دەکرێ بە ئەفیون. بۆیە بێ هۆ نیە سەددام دێت حەملەی ئیمانی پیادە دەکات، بە هەزاران قورئان لە ژێر ناوی خۆی چاپ دەکات، مەلیک فەهد ناوی خۆی دەکات بە (خادم الحرمین الشریفین)، مزگەوتەکانی دیمەشق و بەغدا و قاهیرە و پێتەختەکانی تری دونیای عەرەب و مسوڵمانان پڕ دەبن لە فەقێ و خوێندەڤانانی قورئان بە ئیجازە و نەفەقەی سەرانی عائیلە و عەشیرەت و حیزب. ئەمەو دەیان نمونەی لەو جۆرانە. هەڵبەت دیموکراسیەت وەکو د. عەلی وەردی دەڵێ: بڕوای بە حەقی ڕەها نیە. بەڵام ئەو عەقلانەی کە پێکهاتەی بیرکردنەوەی دونیای عەرەب و مسوڵمانانن تا هەنوکەش خۆیان و بیر و ڕاکانیان بە حەقێکی ڕەها دەزانن و تەنانەت لە ناوخۆشیاندا ناتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن. نمونەش زۆرن، سەرەتاکانی شەڕی نێوان مسوڵمانانەکان خۆیان، شەڕی ناوخۆی گروپە ئەفغانیە ئیسلامیەکان، شەڕی بەردەوامی تائیفی نێوان سوننە و شیعە لە زۆر شوێنی دونیادا، شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستانیش لەگەڵ  هەموو ئەو نەگبەتیانەی کە خەڵکی کوردستان توشی ببوون و لەگەڵ بوونی چەند دوژمنێکی سەرسەخت و داگیرکەری وڵاتەکەشیان، نەیانتوانی بەیەکەوە هەڵبکەن و تا هەنووکەش بە عەقڵی دەیان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بیر دەکەنەوە و درکی گۆڕانیە گەورەکانی دونیا ناکەن.

3- سڕینەوە و پەراوێزکردنی ئافرەت لە تێکرای چالاکیەکانی ژیان بە مانا ڕاستەقینەکەی. لێرەدا کچە مسوڵمانی لیبراڵی سۆماڵی (ئەیان حیرسی عەلی)(7) دێتە قسە و تەعبیر لە گیروگرفتەکانی خۆی دەکات، ئەو لە کتێبێکیدا دەڵێ: " *گیروگرفتەکانی توندوتیژی، چەقینی بارودۆخی ئابووری و زانستی، پاڵەپەستۆخستنەسەر، نائارامی کۆمەڵایەتی و هەتادوایی ئەو جۆرە گیروگرفتانە لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا تەشەنەی کردووە و بە*

*دوای چارەسەردا دەگەڕێن*". ئەوەی کە تا ئەمڕۆش لە کۆمەڵگاکانی عەرەبی و ئیسلامیدا شاردراوەیە ئەوەیە کە ئافرەت وزە و هێزێکی نادیاری بێوێنەیە بۆ کردنەوەی تێکڕای گرێکوێرەکانی کۆمەڵگا هەڵبەت بە هاوکاری و شانبەشانی وزە و تواناکانی پیاو. وەکو دەرەنجامێکی ئاسایی بۆ خاڵی یەکەم و دووەم، ئافرەت زیاتر لە پیاو زەرەرمەند دەبێ، زیاتر لە پیاو پەکی دەکەوێ، ئەمەش دەرەنجامێکی ئاسایی دەبێ بۆ لاسەنگی پیاو لە گۆڕەپانی ژیاندا، لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. دەتوانم بڵێم ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ لە دونیای عەرەب و مسوڵماناندا بە ڕێوە دەبرێ لە دژی ژنان، درێژبوونەوە و بەردەوامبوونی زیندەبەچاڵکردنی ئافرەتە، بەڵام ئەمجارەیان جەستەیی نا بەڵکو زیندەبەچاڵکردنێکی مەعنەوی ترسناک. خۆ ئەگەر کۆمەڵگای جەزیرەی عەرەبی وەکو خراپترینی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەکان بۆ ئافرەت بە نمونە وەربگرین دەتوانین بەبێ تەریقبوونەوە بڵێین کۆمەڵگایەک تەنها بۆ پیاو، کۆمەڵگایەک پێکهاتەی ژن تەنها جەستەیە بۆ لەززەت و زاوزێ و بەس، جەستەیەکە تەنها بۆ خزمەتکردنی پیاو. ئەو پیاوەی ڕوحی، کەرامەتی بە شێوەیەکی بەردەوام ئەزیەت دەدرێن و لە ژێر هەڕەشەی تۆقاندنی دەستە و دایەرەی دیکتاتۆر دان، چونکە لەوێ، بەرامبەر قامچیبەدەستەکانی دیکتاتۆر هیچی بۆ ناکرێ، کە دەگەڕێتەوە ماڵ ئەویش دیکتاتۆرێکی شێوە ئاژەڵی لێدەردەچێ بەرامبەر هاوسەری ژیانی خۆی، بەرامبەر منداڵەکانی خۆی، ئەو جۆرە پیاوە تەنها لە ماڵەوە ئازایە، تۆڵەی خۆی و ڕق و قینی خۆی بەسەر خێزانی و مناڵەکانیدا دەڕێژێ. بۆیە ئەو هەمەجۆریەی کە هاوسەنگی کۆمەڵگا ڕادەگرێ و جوانی دەکا، بوونی نیە. ئەو کۆمەڵگایەی کە بەرگری یا (مەناعە) ی لە نەخۆشی هەبێ بوونی نیە، کۆمەڵگایەک ژن لە پیاو بە گومانە و پیاویش لە ژن، یان پیاو لە ژن لەبار فێڵە و ژنیش لە ترس و لەرزێکی بەردەوام، جارێک لە ترسی هاوڕەگەزی خۆی و نەبادا بۆی ببێ بە هەوێ، جارێکیش لە ترسی هاوسەرەکەی نەبادا ژنی بەسەر بێنێ، یا تەلاقی بدات، یا برسی بکات، یا لێی بدات. لەو کۆمەڵگایەدا لە جیاتی ئەوەی سوود لە وزە و تواناکانی ئەو مرۆڤە وەربگیرێ بۆ دەرچوون لەو زیللەتەی کە تێیدایە، ئازادی بە تەواوی لێ دەسەنرێتەوە و لە خزمەتی نێرێکی تەمبەڵ و بەکەرکراودا بەکار دێ. لەو کۆمەڵگایەدا ئافرەت لە باشترین حاڵەتدا پلە دووە و ئەمر پێکراوە و پیاویش خاوەنی قەوامەت و گەورەی عائیلە و عەشیرەت و حیزبیشە. ئەگەر یەکێک بڵێ ئەی ئەوە ئافرەت نیە دایکە و خوشکە و هاوسەرە و بەهەشت لە ژێر پێی ئەوان دایە؟ دەڵێم: بە ئیمتیازی پیاو، بە قەوامەتی پیاو، بە مەرجەکانی پیاو، نەک بە هەماهەنگی و لەیەکتر تێگەیشتن. ئەو جۆرە پیاوەی کە دەڵێت ئافرەت پیرۆزە و دایکە و خوشکە و کچە، کە دەگەڕێتەوە ماڵ ئاغا ئاسا دادەنیشێ و خێزانی و دایک و خوشکیشی وەکو کەنیزەک خزمەت دەکەن، قاچی لەسەر قاچیەتی و زەغەڵ زەمتە بۆ گڵاسێک ئاویش ئەمر دەکات و توانای نیە خۆی خزمەتی خۆی بکات. پێویستە ئەوانەی چۆن بۆ کاریکاتێرەکان دێنە سەر شەقام ئاواش بەر لە ئازاردانی ژن بگرن و چیتر نەهێڵن مامەڵەی پێبکرێ. ئاخر تا

ئەمرۆش لە ناو عەشیرەتی کوردیدا لە جیاتی پەنا بردن بۆ دادگا و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، پەنا بۆ دادگای عەشیرەت دەبەن و بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو یان کوڕوبرا کوژراو، ژن وەکو شتومەک لە جیاتی پارە یاخود خوێن دەبەخشن کە پێی دەڵێن (بەدەلخوێن). ئەوە بێجگە لە ژن بەژنی، یا مارە بەجاش یا گچکە بەگەورە، تد. ئەو ڕەوشە نالەبارەش بۆی هەیە تاریکی دونیای ئێمە درێژتر بکات و کاریگەری نێگەتیف لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان بەجێبێڵێ.

4- کەڵەکەبوونی کەلتوورێکی نەزۆک و لە زۆر ڕووەوە سەقەت و گێڕ، لەو ڕووەوەش کۆمەڵناسێکی هۆڵەندی وەکو (Wim van Binsbergen) (8) لە بناغەوە بڕوای بە بوونی کولتوورەکان نیە و بە داری دەستی دەسەڵاتدارانی دەزانێ، بۆ درێژەدان بەو پرسانەی کە لە هەر سات و کاتێکدا حەزدەکەن بەکاری بێنن، لە هەمان کاتیش بڕوای بەوە هەیە کە دەکرێ کولتوورەکان نەمێنن و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ئاسوودەیی بژیێ. هەڵبەت کولتوور زۆربەی جاران هۆکارێکە بۆ ئەو خاڵانەی کە لە پێشەوە باسیان لێکرا، هەندێ جاریش دەرهاویشتەکەیەتی. پێموایە جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ زۆرجاران ڕەنگدانەوەی جۆر و چۆنیەتی کولتورە. هەندێک جار کولتورەکان لە ژێر کاریگەری دیندا دەبن، هەندێک جاریش کاریگەری کولتور پاشەکشێ بە کاریگەری دین دەکات. خۆ باوەڕ ناکەم دینێک هەبێ لەسەر زەویدا گرنگی بە پاکوخاوێنی نەدا بەڵام ئەگەر تەماشای زۆربەی هەرەزۆری شارو شارۆچکە و بازاڕەکانی جیهانی عەرەب و مسوڵمانان بکەین بە شێوەیەکی گشتی جیگای بەزەیی و نامۆیین لە بێسەرووبەری و پیس و پۆخڵی. تا ئەمرۆش مرۆڤی مسوڵمان فێری ئەوە نەبووە پاشماوەی نێو دەستی فڕێ نەداتە سەر شەقام، ئەو جۆرە کەسانە گرنگی دان بە شتە بچوکەکان بە دواکەتوویی و گێلی دەزانن، بەڵام ئەوە نازانێ کە دەریایەک لە دڵۆپە ئاوەکان پێک دێت. خۆ دینێک، مەزهەبێک، بیروباوەڕێک نیە بە مرۆڤ نەڵێ ڕاستگۆ بن، درۆ مەکەن، دووڕوویی مەکەن، بەڵام کۆمەڵگای ئیسلامی تا گوێچکەکانی لە دووڕوویی و درۆ و فێڵبازیدا ڕۆ چووە. خۆ ئەگەر باس لە گەندەڵی بکەین ئەوە بەبێ تەریق بوونەوە دەتوانین قسەی لێ بکەین. ئەم شتانە بوون بە کولتوور، ئەو کەسەی کە ڕەخنە لە گەندەڵی دەگرێ بۆ ئەوە نیە چاکسازی بکا، بەڵکو بە بەرپرسەکان دەڵێ، ئێوە زۆرتان دزی دە شوێن بۆ ئێمەش چۆلکەن با ئێمەش هەندێک بدزین. گەندەڵی لەسەر هەموو ئاستێکدا بووە بە مۆدێل، بە کولتورێکی قێزەونی داڕزێن، کە دەشڵێین ئەم شتانە بوون بە کولتوور واتە چارەسەرکردنی دەچێتە خانەی موستەحیل. ئەمەش مانای وانیە کە لە کۆمەڵگاکانی تر گەندەڵی و ئەو دیاردە دزێوانە نەبن، بەڵام هیچ کۆمەڵگایەک وەکو کۆمەڵگای عەرەب و موسڵمانەکان بێ ئاگا نین لەو پرسانە. تا ئاستی خنکان لە گوێی گادا خەوتوون. بەداخەوە دەڵێم توێژی ڕۆشنبیرانیش دابەشدەبنە سەر چەند بەشێک، ڕۆشنبیرێکە سەر بە عائیلە و عەشیرەت و حیزبە. یەکێکی تر هەر لە ئەسڵدا ڕۆشنبیر نیە و خۆی بە ڕۆشنبیر دەزانێ، یا کراوە بە ڕۆشنبیر. هەیانە خۆی فرۆشتووە و زادەی

ئەوەی نیە ڕەخنە بگرێ و سنوورە پیرۆزەکانی سێ کوچکە جەهەننەمیەکە ببەزێنێ. هەشمانە ڕۆشنبیرێکە بێ توانا و دەسەڵات و باشترین حاڵەتی بێدەنگ بوون و دوورکەوتنەوەیە لە جەنجاڵی و پرسە ڕاستەقینەکانی ژیان، هی تریشمان هەیە لە ململانێیەکی بەردەوام دایە لەگەڵ ئەو سێکوچکە پیرۆزە نەگبەتیەدا، بەڵام دەنگی بە هیچ کوێیەک ناگات، یا دەبێ زۆربەی ژیانی لە زیندانەکاندا بەسەر ببات.

لێرەدا دەمەوێ بێمە سەر ئەسلی مەبەست، کە ئەو نەخۆشیانەی کۆمەڵگا دەخوێنینەوە دەزانین بۆ ئەو خەڵکە هات و هاوار دەکات. دەزانین ئەو کۆمەڵگایانە چەند نەخۆش و شپرزەن، چەند بنکۆڵ و تەپیو و ڕزیون. دەزانین چ فەوزایەک و چ ئاڵۆزیەک، چ جۆرە فیکرێکی نا فیکر جڵەوی ئەو خەڵکەی گرتووە و بەرە و ئاڕاستەیەکیان دەبات کە هیچ پەیوەندی بە ئاڕاستەی پێویستەوە نیە، ئەو ساتە تێدەگەین ئەو ویژدانە بیمارە بۆیە نازانێ هەڵس و کەوت بکات. ئەوە ئەو هۆکارانەی سەرەوەن بەو خەڵکانە دەڵێ ئێوە لە هەموو خەڵک باشترن، ئەوە نیە ئەوانی دی، ناحەزان، دوژمنان، موتەئامیرەکان، ڕۆژئاواییەکان دەیانەوێ سەروەریتان، پیرۆزیەکانتان لێبدەن!! ئەوە ئەوانن ناهێڵن بە چارەسەری کێشەکانتان بگەن، ئەوانن ئیش لەسەر ناشیرین کردنتان دەکەن. بەڵام لە ئەسڵدا وانیە، لە ئەسڵدا ئەو جەستەیە بێ بەرگری لە خۆکردن و بێ (مەناعەت) ماوەتەوە، بۆیە زۆر ئاساییە نەخۆشیەکان بتوانن زەفەریان پێ ببەن. تا ئەو بەرگری و (مەناعەتە) نەهێنرێتە دی و دروست نەکرێ، ناتوانرێ بەر لە نەخۆشیەکان بگیرێ، ئەو هاتوهاوارەش دروست داهێزرانی ئەو جەستەیە، دروست نارازی بوونە بە هەوڵدان بۆ دەسنیشانکردنی نەخۆشیەکان، دروست وەدەرنانی کێشەکانە بۆ دەرەوەی ئەو دونیایەی کە پێی دەڵێن دونیای وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی. ئەو عەقڵانەی بەو کاریکاتێرە قەڵس بوون و کێچیان کەوتۆتە کەوڵ و چاویشیان لە کێشە ڕاستەقینەکانی خۆیان دەپۆشن، عەقڵێکن هیچ جۆرە متمانەیەکیان نە بە خۆیان و نە بە دینەکەشیان و نە بە پیرۆزیەکانیشیان نیە، عەقڵێکن لەگەڵ بچووکترین ڕەشەبا هاوسەنگی خۆیان لەدەست دەدەن و هەڕەس دێنن.
داهێزرانی ئەو جەستەیە پانتاییێکی زۆر گەورەی دروست کردووە بۆ هاتنە ژوورەوەی کۆمەڵێک نەخۆشی بێ چارەسەر، بۆ خۆ بە پاڵەوان زانینی سەردارانی عائیلە و عەشیرەت و حیزب. بۆ خۆ بە پاکوبێگەرد زانینی هەوادارانی ئایدیۆلۆژیا و وردوخاش بوونی هەموو جۆرە ڕەخنەیەک لەسەر جەستە بێ گیان و بێ ڕووحەکانی ئەو هەوادارانە. بەدەرکەوتنی دیوە ناشیرینەکەی ئەو خۆ بە دیندارزانانەی کە بە ڕای ئەوان، بێجگە لەوان کەس مافی بەهەشت و لێخۆشبوونی نیە، بێجگە لەوان کەس مافی ژیان و ڕزگاربوونی نیە لەدەست خوایەک کە بێجگە لە عەزاب و سزادان کارێکی تری نیە، خوایەک ئیحتیکار کراوە و چیدی خوای هەموو بەشەریەت نیە، چیدی خۆشەویستی ناناسێ، خوایەکی قیسکە تەنگ و بێن تەنگ و پشوو تەنگە. خوایەکە لە مزگەوتەکان دیل کراوە و ئیمانیشیان وەکو هەموو شتەکان بە ماڕە گرتووە.
لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بێڕێزی و ناشیرینکردنی هەرکەسێک مردوو یان زیندوو لەگەڵ عەقڵی دروست و زەوقی سەلیمدا تێکناکاتەوە. بەڵام ئەمەی کە لە دونیای گێڕ و سەقەتی

عەرەبی و ئیسلامیشدا ڕوودەدا بێجگە لە گاڵتەکردن بە سۆز و عاتیفەی ئەو خەڵکە خۆپیشاندەرانە بەدەر شتێکی تر نیە. لە دیپۆرتکردنی کێشەوگیروگرفتە کەڵەکەبووەکانی ئەو دونیا عەجیبەی عەرەب و موسوڵمانەکان بەدەر مانایێکی تر نادا بەدەستەوە. لە ئیش پەیدابوون بۆ پیاوە مشەخۆرەکانی دین بەدەر وەزیفەیەکی تر بە ئاکام ناگەیەنێ. دەبێ چارەنوسی بە ناو ئوممەتێک چی بێ ئاوا بە کاریکاتێرێک بهەژێت و پەنا بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارانە ببات کە لە ناشیرینبوونی بەدەر ڕەنگدانەوەیەکی تری نابێ. ئەو حاڵەتەی ئەمڕۆی مسوڵمانەکان تێیکەوتوون، تەنها یەک مانا دەدا، ئەویش وەکو مالک بن نبی دەڵێ: ژیانە لە پەراوێزی ژیار و شارستانیەتدا(9). بەداخەوە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان عەقلیەت و بیرکردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری مسوڵمانان و عەقلیەتی ڕۆژئاواییەکان. لە دونیای مسوڵماناندا تا هەنوکەش عەقلیەتی باوکسالاری لە ناو خوێنی هەموو کەسێکدا ڕەگوڕیشەی داکوتاوە، بۆیە کەسێک نیە لە ماڵی خۆی، یا لە مزگەوت، یا لە قوتابخانە، یا لە بازاڕ و تد، لە هەڕەشەی ئەو جۆرە کەسانە بە دوور بێ، لە چاوە زلەکانی "جاسووسەکانی خوا"(10) بە دوور بێ. ئەوانەی کە لە جیاتی فریشتەکان زانیاری بۆ خوا کۆدەکەنەوە و دابەشیان دەکەنە سەر کۆمەڵێک چین و توێژ، بە کورتی کەس خەریکی خۆی نیە، کەس عەیبەکانی خۆی نابینێ، هەموو خەڵک خەریکی یەکترن، زانیاری لەسەر یەکتر کۆدەکەنەوە، سوود لە هەڵە و کەموکوڕیەکانی یەکتر وەردەگرن نەک بۆ ئەوەی بۆ خۆیان دووبارەی نەکەنەوە بەڵکو بۆ ئەوەی زوڕنا بۆ خاوەن هەڵەکان بژەنن، کەس ڕەخنە لە خۆی ناگرێ، کەسیش خۆی بە خراپ دانانێ، لە ئاکامدا کۆمەڵگاییەکە دەزانێ لە قوڕ چەقیوە بەڵام نازانێ چۆن لە قوڕ چەقیوە و چۆنیش بێتە دەرەوە. کەچی ڕۆژئاواییەکان وازیان لە بەرامبەر هێناوە، تۆ چۆن بیردەکەیتەوە، چی لەبەر دەکەی، داهاتی مانگانەت چەندە، ئەوە لە تایبەتیەکانی مرۆڤە، کەسێک نیە دوور و نزیک پەیوەندی بەو کارانەوە بێ، بەکورتی خەڵک خەریکی خۆیەتی، خەریکی ئەوەیە کە خۆی دەوڵەمەند بکات بە زانیاری تازە، بە ڕەخنەلەخۆگرتنی بەردەوام، بە پلاندانان بۆ پرشنگدارکردنی داهاتووی خۆیان و نەوەکانیان. بۆ ماوەی چوار ساڵ لە دەزگای یارمەتیدانی پەنابەران لەگەڵ دەیان ژن و پیاوی هۆڵەندی کارم کردووە، ڕۆژێک تاکە کەسێک لە دین و بیروباوەڕی من یا لە سەروەت وسامانی منی نەپرسیوە، ڕۆژێک یەکێک دەستی لە کاروباری ژیانی تایبەتیم وەرنەداوە. هەر چ جۆرە بیروڕایەکم دەربڕیبێ، ئەگەر بە دڵیشیان نەبووبێ تا سەر ئێسقان ڕێزیان لێگرتووە، بۆیە کەس کاری بە شێوەی بیرکردنەوەی کەسێکی ترەوە نیە. هەموو ئەو شتانەی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا بڵاودەبنەوە بێگومان بە دڵی هەموو خەڵکی نیە، بەڵام کەس ئاڵۆزی دروست ناکات، بۆیە لە ئاکامدا ئەوەش کە بڵاوبۆتەوە و بەدڵی هەندێک خەڵک نەبووە دەچێتە زبڵدانی مێژوو. ئەوەی کە لەسەر شەقامەکاندا ڕوویدا خزمەتی کەسی نەکردووە و ناشیکات، چونکە ئازادی ڕادەربڕین لەو وڵاتانە ڕەهایە، بەڵام دونیای ئێمە تازە لە دەریای پیرۆزیەکاندا نقوم بووە، نقومبوونێکی عەیبدار، وێنەیەکی ئاڵۆز و شێواو و ناشیرین، بەو ڕووداوانەش هێندەی تر ناشیرینتر و ئاڵۆزتر بوو، وێڕای ئەوەش خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان هێندەی خزمەتی بە ڕژێمە تۆتالیتێرە دیکتاتۆریەکان کرد هێندە خزمەتی بە کێشە بێسنوورەکانی دونیای مسوڵمانان نەکرد،

هێندەی خزمەتی بە ڕژێمی گەندەڵی سووریا و ڕژێمی هەناسەخنکێنی ئاخوندەکان کرد هێندە خزمەتی بە جوانکردنی وێنەی مسوڵمانان نەکرد. ئەو ڕێپێوانانەی کە خەتی سووری خودایان بەزاندن و زیاتر لە پەنجاوپێنج ڕوحیان بۆ چەند کاریکاتۆرێک دوورینەوە، بە لای خوداشەوە وێران بوونی زەوی و ئاسمان ئاسانترە لە کۆتایی هێنان بە تەنها یەک ڕوح. بۆیە ئێستا دەتوانم بڵێم ئەوەی ڕوودەدا ڕاکردنێکە تەنها و تەنها بە دوای وەهمی کەرامەتێکی لەدەستچوو.

**********

(1) مالک بن نبی. بیریارێکی جەزائیری فەرەنسیە و کتێبەکانی هەمو بە فەرەنسی نوسیون، پاشان وەرگێردراونەتە سەر زمانی عەرەبی.
(2) دیدارێکی ڕۆژنامەڤانی ناوداری کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبی فەیسەڵ ئەلقاسم، کە بەڕێز نزار جاف هاڤپەیڤینەکەی ئەنجام داوە و لەسەر زیاتر لە ماڵپەڕێکی کوردیدا بڵاو کرایەوە.
http://www.dengekan.com/doc/2006/2/nzarJaf10.htm
(3) ئیحسان وەلزی، بابەتێکی بڵاونەکراوەی ساڵی 1992 بە ناوی لە ڕەمزەوە بەرە و تەقس.
(4) Erich Fromm, Kwestie van hebben of zijn. vertaling Harper & Row, cop. 1976.
(5) د. عەلی ئەلوەردی، کتێبی (مهزلة العقل البشري) انتشارات الشريف الرضي. الطبعة الاولى سنة 1997. لاپەرە 74.
(6) عائیلە: مەبەستم لە عائیلە خێزان نیە، ئەو خێزانەی کە لە دایک و باوک و منداڵەکان پێک دێت. بەڵکو مەبەست ئەو عائیلانەیە کە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و هەموو شتێکیان بۆ خۆ پاوان کردووە، نموونەش عائیلەی پاشایەتیەکانی وڵاتە عەرەبیەکانن، کە تەنانەت وڵاتیش بووە بە موڵکی ئەوان، یان ناوی عائیلە بەسەر وڵاتیشدا براوە، نموونەش عائیلەی ئال سعوودە.
عەشیرەت: هەندێ جار عەشیرەت هەمان ڕۆڵ دەگێڕێ و هەموو دەسەڵاتەکان لە پیاوانی عەشیرەت کۆ دەبنەوە، دەسەڵاتی سەددام حوسەینیش زۆر لەو نموونەیە بە دوور نیە، ئەگەر چی لە ڕواڵەتدا حیزبێک ڕێبەرایەتی دەکرد. هەروەها ڕژێمی سووریاش بە هەمان شێوە، عائیلەی عەلەویەکان دەستیان بەسەر هەموو تواناکانی ئەو وڵاتەدا گرتووە. لە کوردستانی خۆشمان تا هەنووکە عەشیرەت ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ، بەڵام زۆربەی جاران ڕۆڵێکی تێکدەر و نێگەتیف.
حیزب: بە داخەوە لە دونیای ئێمەدا حیزبی ڕاستەقینە بوونی نیە، حیزب زۆربەی جاران ڕووپۆشێکە بۆ سەرانی عائیلە یا عەشیرەت. ئەگەر واش نەبووبێ ئەوا دیکتاتۆریەتی حیزب وێنەی نەبووە لە مێژوودا، لەوانەشحیزبی بەعس و حیزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمڕۆش لە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی حیزب ڕۆڵێکی گڵاو دەبینێ لە زەلیل کردن و بێ نرخ کردنی مرۆڤ.

(7) Ayaan Hirsi Ali, De maagdenkooi, 2004 Amsterdam.

(8) Wim van Binsbergen کۆمەڵناسێکی هۆڵەندیە و بە دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بەرهەم هێناوە.

(9) مالك بن نبي، مشكلة الافكار في العالم الاسلامي، ترجمة د. بسام بركة و د. احمد شعبوا، دار الفكر دمشق سورية 1988، صحيفة 44.

(10) بابەتێکی کاک عادل باخەوان بە ناوی (جاسوسەکانی خوا: ئێمە ئەحمەقە کولتوریەکانی ئێوەین) لە ژمارە (190) هاوڵاتی ڕۆژی 2004/9/8 بڵاوبۆتەوە.

- **بە دوو زنجیرە لە هەردوو ژمارەی (3914-3916) ساڵی پانزەهەمی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، لە ڕۆژانی سێشەممە 2006/03/07. پێنجشەممە 2006/03/09.**